ئەمەریکا و کلتووری دیگیتال

بەشی دووەم

ئازاد حەمە

لە سنووری ئەم گفتووگۆیەش بەپێویستی دەزانین بچینە سەر دیاردەی تیرۆریزم و پێوەندی ئەم دیاردەیەش بە کۆمەڵگەی زانیاری نوێ و جیهانگیرییەوە.چونکە ئەو ڕووداوە تیرۆریزمیەی لە 11 ی سێپتێمبەر(یان 11/9) ڕوویدا زۆرترین پرسیاری لەبەردەم دەوڵەتی نێتۆرك و ئابووری گلوبال دروستکرد.گەورەترین خورپە بوو بۆ دامەزراوە گلوبالی و نێتاویەکان. تێڕامانێ بێ سنوور بوو کە چۆن لەگەڵ هەموو ئەو گەشەیەی پێیگەیشتووین دەبێ ئەمە ڕووبدا یان بۆ دەبێ تیرۆریزم بەم توانایە و بەم ئاستە لە ئۆرگەنیزە بگا.ڕەنگە بۆ گەلێ کەس ئەوی لە 11/9 لە ناوچەی مانهاتان لە نیویۆرك ڕوویدا کەمووکوڕییەك بێ لە سێستەمی ئاسایش و توانای تەکنەلۆژی یان جۆرە هەڵەیەك بێ لە سیاسەتی داکۆکی و ئۆرگەنیزەی ئەمەریکی. بەهەرحال ئەم ڕووداوە بوو بە هەنگاوێ کە نەك هەر ئەمەریکا بەلکو گشت وڵاتانی نێتۆرك و خاوەن مۆدێلی تەکنەلۆژیای زانیاری هەولی سەرلەنوێ خۆ بوونیادناوەی وتاری سیاسی و ئابووری و تەکنیکی ئاسایش و داکۆکییان بدەن و ,ئەوی سەرمایەداری جیهانی لە ناوەندی هەفتاکان کردی بۆ سەرلەنوێ خۆبوونیادنان , تا بەرەنگاری گشت هەڕەشەکانی بازاڕ و مەترسی کۆمۆنیزم ببێتەوە , ئەمڕۆ و پاش بیست و پێنج ساڵ بەجۆرێ تر و بۆ مەبەستێ تر ئەم خۆسەرلەنوێ بوونیادنانە پیادەدەکرێ تا بەرەنگاری نەك هەر تیرۆریزم بەلکو هەڵەکانی ڕابردووی خۆشی ببێتەوە.بەواتایەکیتر,دۆزی سیاسی(هەڕەشەی سەرمایەداری سووری سۆڤیەتی-ئەم دەربڕینە لە زۆر شوێن بەکارمان بردووە و گەر بشێ پەسەندکرێ-) و ئابووری(بەرزبوونەوەی نرخی نەوت) ساڵانی هەفتاکان گەیشتە ئاستێ ئەوتۆ کە دەبایە سەرمایەداری جیهانی سەرلەنوێ خۆ بوونیادبنێتەوە و ئەمەش تەنیا بەهۆی هاتنەکایەوەی تەکنەلۆژیای زانیاری یان با بلێین پاڕادیگمی تەکنیکی نوێ کرا بێتەدی.وەلی گرنگە دانبەوەدا بنرێ کە ,ڕووداوەکانی 11/9 دەرفەتی تری لەبەردەم ئابووری گلوبالی جیهانکردەوە کە دەزگای ئاسایش و بەرژەوەندی نێودەوڵەتی خۆی ,هەر لە کاری بانقییەوە تا دەگاتە قۆڕمەکانی پێوەندی ناو ئینتەرنێت و گەیاندنی نێودەوڵەتی و ڕەوتی بزوتنەوەی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان, بەجۆرێ ئەلەکترۆنی و زانیاریاوی کۆنترۆڵبکا.ڕووداوەکەش ئەوەندە جەرگبڕ کەوتەوە کە ڕەوایەتیێ زۆری بەکاری ئەم کۆنترۆڵکردنە دا و ڕووێ یاسایی و ئینسانیشی بۆ دروستکرد.بۆیە لەم حالەتەدا و سەبارەت بەم دیاردەیە کاتێ تەماشای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەین دەبینین ڕووداوەکانی 11/9 شیاویی باڵای لەبەردەم وتاری سیاسی دەمەریکی دا کردەوە ئەوەبکا کە دەمێبوو نیازیبوو هەڵیوەشێنێتەوە و بەبەڵگەشەوە زێدەڕۆیی لە چەکگەرایی سەربازی بکا و دەستیش لە سێستەمی مافی گلوبال بکشێنێتەوە و ئەمجار پێکەوەکارکردنی نێودەوڵەتی لاواز و بێ مانا و پڕاگماتیش بکا.بۆ ئەم مەبەستەش فۆڕمێ بۆ دژایەتیکردن هاتەکایەوە ناونرا جەنگ دژی تیرۆریزم.ئەم جەنگە کە لە سەرەتادا وەك دیاردەیەکی ئیرۆنی(گاڵتەئامێز) خۆی دەرخست دواتر بوو بە جەنگێ ڕیالیستی و بەهەموو جۆرێ هەولدرا تێگەیشتنێ نێودەوڵەتی بۆ ڕەوایەتی ئەم جەنگە بدۆزرێتەوە و مانای هیۆمانی بدرێتەپاڵ.واتە بەم جۆرە جەنگ کرا بە ڕێگا چارەسەر بۆ دروستکردنی دادپەروەری و مەسەلەیەکی ئینسانیش.جەنگی ناوبراو کە نێتۆرکێ ناجۆر و یەکانگیر سەرپەرشتیکرد یاریەکی دامەزراوی گلوبال بوو بەسەرەتایەکی دیار و کۆتاییەکی نادیارەوە کە کە لەوێڕا جیاوازی نێوان جەنگ و ئاشتی سڕاوەتەوە و دەنگدان بەهەچ لایەك لەلایەکان بدرێ ئەوا ئەو لایەی دیش پەسەندکراوە.لێرەوە ئەمەریکایەکان زەمینەیان بۆ کێشەێ خۆشکرد کە بەرهەمهێنەری ناتەبایی و دووبەرەکییە لە جیهانا و بەهێزکەری جەمسەر گەرایشە. بەلام چ جەمسەرگەراییەك؟ ئەو جەمسەرگەراییەی لە سەردەمی زانیاریگەرییدا دێتەدونیا و چەندین نێوەندی نێتۆکراتی بەرامبەر بە چەند نێوەندێ دواکەوتوو , زانیارییگەریی بەرامبەر بە فۆندەمینتالیزم و دەوڵەمەنێ لۆکال بەرامبەر بە هەژاریێ گلوبال دەوەستێتەوە.هەروەها شارستانیەك کە هەر لە ناوەڕۆکدا لەسەر بناغەی نادادپەروەری و نایەکسانی بوونیادنراوە و بەزەبری مێدیایەکی دیگیتال یەکخراوە تەنێ جەمسەرگەریی بەرهەمدێنێ و گەشە بە دابڕان و ناچووستی دەدا. بۆ ئەم جەمسەرگەراییە جەنگ ڕاستیەکی ڤێژواڵە و پەیامێکە کە دەبێ هەر بگەێنرێ.بەلام ئەم پەیامە بەهۆی ئامرازەکانی زانیاریگەرییەوە دەگەێنرێ.زانیارییگەریش وەك بەری زۆربەی ئەو گەشە ناتەبا و ناکۆکانەی مێژووی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە دیوویەتی گەورەترین فاکتەیە بۆ هێنانەدونیای ئەم شێوە جەمسەرگەراییەی ئەوڕۆ.لە ناوەڕۆکدا ئەم جەنگە کارێ وایکرد کە چەندین فۆڕمی تر لە

ناتەبایی و دووبەرەکی برژێتە ناو ئەم شارستانیەی ئێستاوە.زۆربەی ئاماژەکانیش باس لەوەدەکەن کە ئەم جەنگە , یان بەگشتی جەنگی سەردەمی زانیاریگەریی, یەکێکە لە پێداویستیەکانی نێتۆرکی سەرمایەداری گلوبال و ڕێگایەکیشە بۆ بەئاکامگەیاندنی مەبەستە سیاسییە پراگماتییە نوێکانی و بەدەستهێنانی نێچر و لایەنگری نوێ لە دەرەوەی ولاتانی نێتۆرك و هەروەها بەخۆوە گرێدانی تێگەیشتن و چارەنووسی سیاسی ولاتانی نێتۆرکی ڕۆژئاوایی و پێکەوەکارکردن لەگەل ئەم ولاتە نێتۆرکە ڕۆژئاواییانە بۆ گۆڕینی ناوەڕۆکی دادرپەروەری و پۆلکردنی واتای دیموکراسی و بێ بەهاکردنی پرنسیپەکانی دەولەتی ماف و خولقانی دوژمنێ هاوبەش و ترسێ هەمیشەیی و بەلۆکالیکردنی جێگیری سیاسی و ئابووری و ,هەروەها سنووردارکردنی گەشەی دەولەتی ڕەفا.ئەمانە زنجیرەێ مەبەستی نوێین و کلێشەی ترن لە بەرەو پێشەوە بردنی سیاسەتی پێشبرکێ و پاراستنی گەشەی نێتۆرك و دوورخستنەوەی ئەوانەی نەك هەر لە دەرەوەی نێتۆرکدان بەلکو ئەوانەش کە ناحەزییان لە ناخدایە بەرامبەر بە گەشەی تازە و ئەو ئەفسانانەی کۆمەلگەی نێتۆرك لەتەك خۆیدا هێناویەتی. دەکرێ ئاماژە بەوەشکرێ کە, داننان بە بوونی تیرۆریزم مەسەلەیەکی بۆتۆپی (خەیالی) نییە.چونکە تیرۆریزم هەمیشە هەبووە و بوونیشی پێوەندی بە ڕەگەز و کولتوور و ئاین و نەتەوەیەکی دیاریکراوە نەبووە.بۆیە ناکرێ باس لە تیرۆریزم و ئاینێ دیاریکراو یان تیرۆریزم و شارستانیێ دیاریکراو بکرێ.بەلام ڕوودان و پیادەکردنی لەگەل گەشەی کۆمەلایەتی و ئابووری و گۆڕانکارییە کولتووری و سیاسییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە.گۆڕانەکان دید و تەماشاکردنەکانی تیرۆریستەکانی گۆڕیووە و ئەم گۆڕانەش مرۆڤایەتی بەرەو نەهامەتی و سەرگەردانی بردووە. واتە تیرۆرەکان جۆراوجۆر بوونە و لە تیرۆری ئیندڤیدوالەوە(تاکەوە) بەرەو تیرۆری کۆلێکتیڤ (دەستەجەمعی) و لە تیرۆری دەولەتییەوە بۆ تیرۆری نێودەولەتی یان لە تیرۆری لۆکالیەوە بەرەو تیرۆری گلوبال و لە تیرۆری نابەجێ و هەڕەمەکیەوە بۆ تیرۆری ڕێکخراو و دیگیتال گەشەیکردووە.تیرۆر ورده ورده بەجۆرێ گەشەیکردووە کە بووە بە پێداویستی بۆ لەناوبردنی نەیار و ناحەز و دژ و جیاواز بەلام بەشێوەێ ئەمە ئەنجامدراوە کە گوایە ئەوە کێشەی نێوان دادپەروەری و نادادپەروەری یان باشە و خراپەی پێچارەسەردەکرێ.واتە هەموو کەسەکان و گرووپەکان یان ڕێکخرا و دامەزراوەکان هەروەها دەولەت و هێزە سەرووی دەولەتیەکانیش بەپێی توانا و لەبەرمەبەستی جیاجیا کاری تیرۆریستیانەیان ئەنجامداوە و ڕەوایەتیشیان بۆ ئەم سڕینەوە و لەناوبردنە هێناوەتەوە(ئەوی لە هەلەبجە ڕوویدا یان ڕوداوی ئەنفال تیرۆرێ بەرنامەدار و هوشیارانە نەبوو؟) .بەشێ لەوانە بەهانەی ناوخۆی و تاکی و لۆکالی و دەولەتی بۆ هێنراوەتەوە و بەشێتری بەهانەی دەرەکی و دەستەجەمعی و گلوبال و نێودەولەتی بۆهێنراوەتەوە و ,ئەو تیرۆرەش بەجۆرێ لەجۆرەکان ڕونکراوەتەوە کە هەندێکی بەیاسایی و بەئینسانیکراوە و هەندێکی تری بە واتای وەك باوەڕ یان شەریعە تێکەلکراوە و پاساودانی ئایدیۆلۆژی یان تیۆلۆژی بۆکراوە.بەمجۆرە تیرۆر هەمیشەش هەولیداوە خۆی وەك ئامرازێ بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستکردنی دونیایەك بەبێ ئەویتر دەرخا.بەلام ئەم تیرۆرانە لە ئەنجامدا نەیانتوانیووە نە ئەو ڕاستیە بهێننەدونیا و نەش دونیایەکیان بەبێ ئەویتر دروستکردووە.بەتەماشاکردنێکیش ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە زۆرجار تیرۆر ڕێگاچارەبووە لەبەردەم کەسێ یاخود گرووپێ سیاسی یان ئیتنی یاخود ئاینی بۆئەوەی داواکانیان بەرزکەنەوە و لەسەر ئاستێ دیاریکراو جەغت لە ناسامەی هەبوونیان بکەن. ئاشکرایشە ئەم داوایانە هەمیشە ڕەتکراوەتەوە و ئەو کەسە یا ئەو گرووپە دەستبەجێ لەناوبراوە یان بۆ هەتایە سەرنگووم و لەبەرچاوونکراوە.ئەم مەسەلەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە نە ئەوانە ڕاستبوونە کە بەمجۆرە داواکانیان بەرباسخستووە نەش ئەوانەی کە دۆزێ ئەوتۆیان بۆ ئەم کەس یا گرووپانە دروستکردووە کە هەولبەن بیر لەوەبکەنەوە کە بەمجۆرە بە ماف و داواکانیان بگەن یان جیاوازی خۆیان بەمشێوەیە لەتەك ئەوانی تر بسەلمێنن. ئەم دیاردەیەش لەگەل بەئەلەکترۆنی بوونی بەشێ لە کۆمەلگەی جیهان و کەوتنەدەرەوەی بەشە گەورەکە ڕۆژ بەڕۆژ زەقتردەبێ و ئاڕاستەی سەیریش وەردەگرێ. تاڕادەیەك ئەمانە هەر ئەو کەس و یان گرووپانەن کە کاستێلس پێیوایە لەگەل چوونە ناو چاخی زانیارییەوە چالاکیەکانیان زیاددەکا و نێتۆرکیش بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان و خۆڕێکخستنیان بەکاردەبەن. کاستێلس ئەوانە بە بزووتنەوە فۆندەمینتالیستییە ئاینییەکان ناودەبا . ئەم بزووتنەوانە بۆ کاستێلس تەنێ لە فۆندەمینتالیستی ئاینی ئیسلامی پێکنایێ بەلکو بزووتنەوە فۆندەمینتالیستییە مەسیحی,یەهوودی,هیندۆسی و تەنانەت بوودیەکانیش دەگرێتەوە. ئەم بزووتنەوانە کە بناغەێ ئاینیان هەیە لەگەل بزووتنەوە ئیتنی و ناوچەی و ناسیۆنالییەکان(بۆ نموونە زاپاتیستەکانی مەکسیکۆ یان ئەوانەی لە میترۆکانی ژاپۆن ژەهریان دەپرژان *Aum Shinrikyo* , بزووتنەوەی ژینگە یان ئافرەتان یاخود ئاشتی هەروەها دژە جیهانگیرییەکان) لەگەل هاتنەدونیای چاخی زانیاری بەدووی ناسنامەی سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتووریی خۆیان دەگەڕێن و نێتیش دەکەن بە شوێنی مومارەسەی چالاکیەکانیان. گومانیشی ناوێ لەگەل زیادبوونی شەپۆلی پەناهەندەیەتی لە سالانی هەشتاکان بەولاوە و بەتایبەت لە سەرەتای نەوەتەکانەوە و دوای هەلوەشانەوەی سەرمایەداری سووری سۆڤیەتی و ئەورووپای ڕۆژهەلاتی لە ناو ولاتانی نێتۆرك داچ لە*EU* و چ لە *USA* ش, هەندێ بزووتنەوەی تر گەشەیان کردووە و ئەوانی پێشووش بەهێزتربوونە و کەلکێ زۆریش لە نێتۆرکی نوێ دەبینن بۆ خۆ ڕێکخستن و خۆ فۆرمولێرەکردنیان. ئەمەش هەر لە بزووتنەوە

مافیاییەکانی ولاتانی ڕووسیا و ئۆکراینیا و ئەورووپای ڕۆژهەلات دەگرێتەوە(بۆ بازرگانی ئافرەت و نارکۆتیکە و ئەلماس و چەك و نەوت) تا دەگاتە بزووتنەوە ناسیۆنالی و ئاینی و گلوبالییەکان(ئاینییەکان و بەتاییەت ئیسلامییەکان ,فەلەستینیەکان, کوردەکان, چەپ ,ئەنارکیست , سەوزخوازەکان و هۆمۆسێکسوێلەکان)لەوەی ڕاسیبێ کاستێلس لە بەرگی دووەمی چاخی زانیاری دا, واتە لە دەسەلاتی ناسنامە دا, دێتەوە سەر ئەم لایەنانە بەلام نە ترسناکی هەندێ لەو بزووتنەوانە بەوردی باسدەکا(بۆ نموونە ئیسلامییەکان یان ئەوانەی لە میترۆکانی ژاپۆن گازی ژەهراویان بەخەلکادەکرد) و نەش دەسەلاتی سیاسی و ئابووری و کولتووری ئەمەریکی بەقوولی باسدەکا(4). تەنانەت لەو لێدوانە ئەلەکترۆنیەش کە بەڕێگایe– mail لەلایەن گۆقاری *Ord & Bild* ی سویدیەوە لە مایسی1999 دا لەگەلیدا کراوە (ئەم لێدوانە دوای هاتنەدەرەوەی هەر سێ بەرگی چاخی زانیاری ئەنجامدراوە) قسەکردنەکانی لەسەر ئەمەریکا زۆر گومڕایە.نە لە قسەکردنی نەیارانی ئەمەریکی دەچێ و نەش لە قسەی ئەو ڕوناکبیر و ئەکادیمیانەی کە دەلێی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکی یان لە پێنتاگۆندا کارمەندن.لەم لێدوانە ئەلەکترۆنیەدا کاستێلس پێیوایە کە ئەمەریکا تاکە سۆپەردەسەلاتە لە ئەمڕۆدا بەلام ئەم ولاتە تائێستا ئەم دەسەلاتەی بەکارنەبردووە و کاتێ کە بەکاریشی دەبا وەك سەربازی لێگۆ(سەربازی لۆگۆ ئەو جۆرە سەربازەبە کە لەدەرەوەی خاکی خۆی چالاکی دەکا و لەسەر تێچوونی خۆی) ئەوانی تر کەلکی لێوەردەگرن. لێرەدا کاستێلس دەیەوێ جەغت لەوەبکا کە ئەمەیە دۆزی سەربازی ئەمەریکی کە هەمیشە لەسەر حسێبی خۆی لەپێناوی کەسانی تر کاردەکا . ئەمەریکاش بۆ ئەم تەنێ ئەم لایەنە و تەنێ بریتی نییە لە سۆپەردەسەلاتێ, بەلکو لەمەش زیاترە.ئەمەریکا کۆمەلگەێ دینامیکییە و کولتوورێ مولتی ئیتنی (فرە ڕەگەز و) دیموکراسی و شوێنی دۆزینەوەکانیشە. بەمشێوەیە ئەمەریکا دەکرێ وەك گرنگترین گرێ یان خال *Node* لە نێتۆرکی گلوبالی دید و پارە تەماشاکرێ. شیاوی لەبەردەم ئەمەریکاشدا دەبینێتەوە کە دەولەمەندتر و بەرهەمهێنەرتر بێ و بەجۆرێ ئەوتۆش سەرکەوتووبێ کە بتوانێ پتر لەگشت کۆمەلگەکانی تر سوود لە هێزی خولقێنەری ناو کۆمەلگەی زانیاری وەرگرێ.بەلام لەهەمانکاتیشدا دانبەوەدا دەنێ کە 50٪ ی دانیشتوانی ئەمەریکا کێشەی گەورەی کۆمەلایەتیان هەیە کە ئەوەش لەسەر کەمی هاریکاری و بێباری ئیندڤیدوالیزم وەستاوە. ئەمە و جگەلە هەندێ قەیرانی کەسێتی و ڕەوشتی تر کە لەئاکامی هەلوەشانەوەی کەلەپووری خێزان و کەمبوونەوەی هەنێ میکانیزم کە دەتوانێ گەرەنتی (زەمانی) ئاسایشی شەخسی مرۆڤەکان لە کۆمەلگادا بکا.هەرچی شارە گەورەکانیشە وەك نیویۆرك و لۆس ئانجلۆس ڕوژ لە دوای ڕۆژ بەتواناتر دەبن و پێشوازیش لە شەپۆلی تازەی بێگانە و مرۆڤە خولقێنەرەکان دەکەن و پڕیشن لە زەبروزەنگ و ئیندڤیدوالیزمی توندڕەو و کێشەی کۆمەلایەتی و ژینگەیی.

لەڕاستیدا نەك هەر لەم ائێدوانە بەلکو لەدووتۆی کارە ناودارەکەشی و بەتاییەت لەو شوێنانەش کە باس لە بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکانی ناو نێت دەکا شتێ ئەوتۆ لەبارەی توندڕەوی ئەمەریکا نالێ باس لەوەناکا کە ڕەفتاری سیاسی و ئابووری ئەمەریکی هەمبشە وای لە هەندێ گرووپی سیاسی و ئیتنی و مەزهەبی و تەنانەت چەندین ولاتیش کردووە کە بیر لە تۆلە بکەنەوە و هەبوونی خۆیان بە دڕترین و توندڕەو(ئێکستریم)ترین ڕێگا بسەلمێنن. ئەو گەشەیەی نێتۆرکیش لە کۆمەلگەی ئەمەریکی و کۆمەلگەکانی ڕۆژئاوا مسۆگەری کردووە ناحەزێ زۆری لەو بەشەی جیهان کە بێ بەرییە لەم گەشەیە دروستکردووە.کاتێکیش هەندێ لە بزووتنەوەکانی ئەم جیهانە ناتەبا و پاڕادۆکسالە و بەتاییەت بزووتنەوە ئیسلامیە توندڕەوەکان(یان ئەوی لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا ناودەنرێ فۆندەمینتالیستی ئیسلامی) کەوتنە جموجۆل و گەورەترین تۆلەیان لە شوێنگەی زانیاریگەری گلوبال کردەوە و جیهانی ئەورۆیان دابەشی دوو بەشەی دژبەیەککرد. ئەو بەشەی بەرهەمهێنەری زانیاریگەرییە و بەرژەوەندێ بێ پایانی لەتەك زانستی نوێدایە و ئەم زانستەش بناغەی بۆ ئابوورییە نوێکەی داناوە و ,خۆی بۆ جەنگێ ئامادەکردوە و ناوی ناوە جەنگ دژی تیرۆریزم .بەشەکەی تریش هەموو خۆیان لە دامێنی ئەو بەشەدا دیووە کە لە دەرەوەی زانیاری تازەدان و بانگەشەش بۆ ئەوەدەکەن ئەوی بەسەر ئەمەریکادا هاتووە پاداشتی ڕابردووی سیاسی و کەلەگایەتی خۆیەتی. لێرەدا سەیرەکە تەنیا لەوەدانییە کە چۆن ئەمەریکا و ولاتانی مۆلگەی نێتۆرکی ئەلەکترۆنی ڕۆژئاوا یەکیانگرتەوە یان چۆن ئەم یەکگرتنەوەیە لەنێوان ولاتانی دەرەوەی نێتۆرك یان بەجۆرێ لە جۆرەکان ئەو شوێنانەی بنکەی نێتۆرکی فۆندەمینتالیستی و توندڕەویین سەریگرت بەلکو لەوەداشە کە کاتێ جەنگ دژی تیرۆریزم سەریهەلدا هیچ دامەزراو(فۆندی نەختی نێودەولەتی, بانقی ئەورووپای نێودەولەتی ,...) و ڕێکخراوی نێودەولەتی (*UN,EU*؛ *NATO* و هتد...) یان هیچ یەکێ لە ولاتانی ڕۆژئاوا یان ئەوەی کاستێلس ناویدەبا دەولەتی نێتۆرك بەهیچ جۆرێ خۆیان لەوباسە نەدا کە لە زۆربەی ولاتانی لۆکال (یان لە جیهانی سێ,یان لەو جێگایانەی بە دالدەی فۆندەمینتالیزم ناسراوە) باسدەکرا کە تیرۆریستە ئیسلامییەکان بەرهەمی دوانەیی وتاری سیاسی ئەمەریکین و ,ئەمەریکایەکان سالانێ زۆر ئەم گرووپانەیان بۆ دژایەتیکردنی سەرمایەداری سووری سۆڤیەتی بەکاربرد. ئاشکرایشە ئەمەریکایەکان ئەمەیان لە گەلێ شوێن لە جیهانا کردووە و هەمیشەش دەستیان لە بەخێوکردن و بەکاربردنی تاقمی ناحەز و دژ و چەوت هەبووە و تەنانەت ڕۆلیشیان لە دروستکردن و

پشتگیریکردن له ڕژێمهای دیکتاتۆر و دیسپۆتیسنیش (باشترین نموونەش لەم بارەیەوە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینه که لەناو ئێمەدا جێی باس نەبووە) دیووه.

ئەلبەته هەلوێستی ئەو گرووپانەش و بەتایبەت ئیسلامییەکان بەرامبەر به ئەمەریکا هەر ئەوە نەبوو که چۆن ئەمەریکایەکان کەوتنه پشتکردن لەم گرووپانه نەخێر بەلکو ئەم گرووپانه بەو نەختە یارمەتیه ناوەستن و ئامانجەکانیان هەر وەك هێزه گلوبالییەکانی تر ویسته بۆ دەسەلاتێ سەرتاسەری و مۆنۆپۆلکردنی چارەنووسی مرۆڤ و, بەتایبەتیش ئەم گرووپانه ئەمڕۆ خاوەنی نێتۆرکی سیاسی خۆیانن و خۆشیان به گەورەترین وتاری ڕۆحی و ئایدیۆلۆژی چاخی زانیاری دەزانن و هەروەها خۆیان به تاکه قسەکەر و نوێنەری داماو و پەراوێزەکانی کۆمەلگەی مرۆڤایەتیش دەزانن و گشت ئاینزا و باوەڕەکانی تر هەموو به بێ توانا دەزانن لەبەردەم نابوودی و نەهامەتیەکانی دونیا و لەبەردەم ئەو پەتایەی زانیاریگەری و زانستخوازی فرێیداوەته ناوژیانی ئێستاوە.ئەمەش بێناسنامەیێ تره و جۆره غرورێ تری تیابەدیدەکرێ که بەدلنیاییەوە نەهامەتی و چەوسانەوە و پەراوێزخوازیێ تر لەگەل خۆی بەدیاری دێنێ. لەهەمووی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیه که ئەم جۆره گرووپانه بەهۆی ئامادەبوونی ئێستایان و بلاوبوونەوەیان لەناوچەی دەولەتی نێتۆرك و کەلك وەرگرتنیان له خوێندن و ئەمجار مرونەتی یاسایی وڵاتانی تەکنەلۆژیای زانیاری و ئەو ناحەزییەی له وڵاتانی دەرەوەی نێتۆرك ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەژێر ناو ونیشانی سەیر سەیر دروستدەبێ توانیان خۆ بۆ تۆلەێ ڕێخکراوی گلوبال ئامادەبکەن و دووبەرەکایەتیێ جیهانی نخەنەوه یان دوژمنایەتیێ کۆن نوێکەنەوه و فۆڕی تری بۆ داڕێژن.چونکه ئەم گرووپانه, واته فۆندەمینتالیسته ئیسلامییەکان,له وتار و هوتافەکانیان دەربڕینی وەك سەرمایەداری جیهانی ,ئابووری گلوبال, دەولەتی نێتۆرك و کۆمەلگەی پاش پیشەسازی یان دەولەتی پۆست کۆلۆنیال بەکارنابەن و ڕەخنەش له دەولەته دیسپۆتیستی(ستەمکار و زۆردار)ە کانی جیهانی عەرەبی-ئیسلامی ناگرن که بەخۆیان هەلاتووی دەستی ئەوانن و زۆربەی کێشه ئابووری و کۆمەلایەتییکانی ئەم جیهانه عەرەبی-ئیسلامیەش هەر بەری بێباکی و چەوتیەکانی ڕژێمەکانی ئەم جیهانەیه.نەك هەرئەوه بەلکو باس لەوەش ناکەن که ئەوەی پیدەلێن جیهانی گلوبال و تەکنەلۆژیای زانیاری چ نالتەبایی و ناجۆری و هەژارییەکی له جیهانا دروستکردووه و مرۆڤایەتی چەند پەرت و جۆراوجۆر و دژاودژ کردووه. بەلکه لەبرِی هەموو ئەوانه باس لەوەدەکەن که چۆن وڵاته مەسیحی و یەهوودییەکان دەستبەسەر دونیادادەگرن و کفر و بەرەلایی بلاودەکەنەوه و ئەوبەشەی جیهان که موسلمانی تیادەژی چەند له نەهامەتی و هەژاری دەژین.ئەلبەته ئەمەی ئەمان به دونیا یان به جیهان ناویدەبەن تەنێ له کۆمەلگەی عەرەبی- ئیسلامی پێکهاتووه و مرۆڤ بۆ ئەمان تەنێ ئەوکەسەیه که ئیسلام بێ یان مرۆڤایەتی کورتکراوەی ئیسلامه نەك شتێ تر.بەواتاێ تر چ زانیاریگەریی و چش ئیسلامیزم هەردوو دەستگای واتاو و زاراوەی تایبەت به خۆیان هەیه و ئەو زاراوه نابەجێ و دوژمنگەڕا ئامێزانەی پیاوه سپییەکه یان تازەگەری زانستی ڕۆژئاوا دروستیکردووه کەمتر له چەمك و واژەکانی ئیسلامیه تووندڕەوەکان ترسناك تر و پڕله جودایی و دووبەرەکایەتی نییه.چونکه ئەوەی پێیدەوترێ ماف ,کراوەی , ,دادپەروەری, یەکسانی, و تەبایی بۆ ئەم جۆره گرووپانه زاراوەهایەکی سەلیبی-یەهوودیین و نەخۆشیەکی کوشندەی لەمەولامانن و تا زووتره دەبێ لەناوببرێن.ئەمان پێیان وانییه که ناجۆری و ناڕەوای و نادادپەروەیێ گلوبال له دونیادا بەرکەماله و له گشت شوێنی هەبووی لەتەك نەبووی , نەخۆشی لەتەنیشت ساغی و خراپی لەپال باشی پێکەوەدەژی و لەناوبردنی ئەمەش پێویستی به پێکەوەکارکردنێ زۆر و ئیشکردنێ هەتاهەتا هەیە.ئەوی ئەم جۆره گرووپه دەیکا شێوه فۆڕمێ تره له سیاسەتکردن و دروستکردنی نێتۆرکێ گلوبالی مەزهەبی و کۆکردنەوەی بەشەریەت لەژێرسایەی ئیمان و شەریعەتی ئیسلامی.واته تیرۆریزم لەم حالەتەدا و لەگەل داهاتنی کۆمەلگەی زانیاری تازه خۆی وەك پیشەسازیێ نوێ و وەك بەرهەمێکی نوێی کۆمەلگەی لۆکال(یان ئەو ناوچانەی تۆمەتی تووندڕەوی و شەڕانی و دواکەوتووی لێدەنرێ) یاخود وەك زانیاریێ ئاسمانی دژ به زانیاری تەکنەلۆژی دێتەگۆڕێ و دەخوازێ گۆڕانکارییەکانی سەردەم ئاڕاستەی تر وەرگرێ و , لەگشت ئەمانەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیه که ئەم پیشەسازییه ناوچه هەژار و گرفتاویەکان دەکا به مۆلگەی کارکردنی خۆی و کەمدرامەتی و پڕئیمانی و دلپاکی و دواکەوتووی و نەخوێندەواری و ناحەزی خەلکی ئەم ناوچانەش بەرامبەر به وڵاتانی نێتۆرك ,یان بەقەولی باوی خۆیان بەرامبەر به وڵاته سەلیبی-یەهوودیەکان ,بۆ بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەی بەروبوومەکانی بەکاردەبا.هەر ئەم شوێنانه نابن به کارگەی بەرهەمهێنانی شمەکی تیرۆر بەلکو ناوجەرگەی وڵاتانی خاوەن وتاری جیهانگیری زانیاری و ئابووریش دەکرێ به مەوادی خاو بۆ باشترکردنی جۆر و ناوەڕۆکی ئەم شمەکه. ئەم شێوه بەرهەمهێنانەش وەك شێوه بەرهەمهێنانەکانی هەندێ کارگەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی ئەوروپای وایه که هەر بەشەی له شوێنێ دروستدەکرێ.بۆ نموونه خوێندنی بالا و توانای ئابووری ئێستای نەوەکانی ئەو خەلکانەی له جیهانی عەرەبی-ئیسلامیەوه هەلاتوون و ڕوویان کردۆته وڵاتانی نێتۆرك و باری کراوەیی و ئاستی زانستی بەربلاوی ئەم وڵاته گەشەکردوانەش, هەموو ئەمانه بەسەریەکەوه بەوردی لەلایەن ڕابەری ئەو گرووپانه و ئاڕاستەی ڕکخراوەی ئەم گرووپانەوه کەلکی لێوەردەگیرێ و بۆ دروستکردنی ئەو شمەکەی ناومان نا تیرۆر بەکاردەبرێ. کەواته تیرۆر لەدواین باردا دەبێ به دوا شمەکی هەرێمه لۆکالیەکان و لەسەر بناغەی

ڕق,نائومێدی,تۆڵە و هەست بە ژرێکەوتن بەرهەمدەهێنرێ و , تیرۆر دەبێ بەتاکە ڕێگایەك, بۆ دۆزینەوەی بەها و دانی مانایێ بە بەرهەمهێنەری ئەم شمەکە و , هەروەها بۆ دروستکردنی تێگەیشتنێ لەسەر کولتوور ,کۆمەڵگە و ئابووری یان شارستانێی دێرینی خۆی.ئەم هەستەش بەێ یەك و دوو پیشەسازیەك بەرهەمدێنێ بەناوی تیرۆریزمەوە و مەوادی خاوی ئەم پیشەسازییە زانیاریێ ئاڵۆز و زانینێ تەکنیکی ئەبستراکت نییە بەڵکو فەنەتیزم و هەندێ ڕەفتاری کتووپڕی داخلەدلانە و پڕ لەتووڕەی ڕۆژانەیە کە باوەڕێ مەزهەبی و ئیمانێ فەنەتیك بەرهەمیدێنێ نەك تاقیگەێ نەکنیکی و ئینستیتووتێ توێژینەوە.بەلام ئەمە مانای ئەوە نییە کە تاقیگەکانی تەکنیك و ئینستیتووتەکانی توێژینەوە توانای بەرهەمهێنانی تیرۆریزمی نییە.هۆلۆکۆست یەکێکە لە بەرهەمەکانی تاقیگە مۆدێرنەکانی ڕۆژئاوا و لەو دیاردانەی کە هەمیشە دەبێ وەك هەڵەیەکی زانستی تازەی ڕۆژئاوا تەماشاکرێ (5).

هەر ئەو تیرۆریزمەی کە لەسەرەوە باسکرا لەگەڵ سەرهەڵدانی بەم شێوەیە و لە چاخی زانیاریدا دەبێ بە دیاردەیەکی پەرچەکرداری دژ بەو تێمایانەی جیهانگیری, بەناوی مافی کەمایەتی و منال و ئافرەت و تەنانەت بانگەشەی هەلوەشانەوەی سێستەمی باوکسالاری و دادپەروەری کۆمەلایەتی , بانگەشەی بۆدەکا.ئەمانەش تاڕادەیەك بەشێکن لەو شتانەی دەولەتی نێتۆرك کاری بۆدەکا و لەبەردەم کۆمەڵگەکانی تر شانازی پێوەدەکا.واتە تیرۆریزم لە کۆششی ئەوەدایە ببێ بە وەلامێ بۆ دروستکردنی یەکسانیێ ئیتنی و ڕەوشتێ کۆمەلایەتی بەرز و خولقانی وتارێ لەبارەی ئەوەی کە گوایە کاتی ئەوە هاتووە مانا بە ژیان بدرێ و کودەکانی ژیان کە بوونە بە شمەك و لەدەرەوەی دیدی ئەخلاقی بەکاردەبرێن بگۆڕدرێن. هەروەها پیشەسازی تیرۆریزم دەبێ بە شێوازێ لە بەرهەمهێنانی هەرەشە ئامێزی گلوبال و ئامرازێ بەدەست ئەوانەی کە ناتوانن بێنە ناو نێتۆرکی زانیارییەوە و لە دروستکردنی ئەوەی کە پێیدەڵێن دەسەلات و دەولەمەندیێ گلوبال بەشداربن. ئێمە دەبێ ئەو شێوە بەکاربردنە کەمەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە ولاتانی پڕ لە هەژاریی و دواکەوتوویی و نەخوێندەواریی لەو شێوە بەکاربردنە زۆرەی ولاتانی نێتۆرك جیاکەینەوە.لە ولاتانی نێتۆرك دا نەك هەر مەبەستێ ئابووری و زانیاری لەپشت ئەم بەکاربردنەوەیە بەلکو خودی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری و زانیاری و کولتووری ئەم ولاتانە زۆر بەم دەزگایانە و بە گەشەی نێتۆرکەوە وابەستەیە. هەروەها بۆ ولاتانی نیتۆرك کە بنکەی جیهانگیری و تەکنەلۆژیای زانیارییە نێتۆرك ڕێگایەکە بۆ دروستکردنی بەرهەمهێنان و قوودرەت و پارە.بەلام بۆ ولاتانی پەراوێز و هەژار ڕێگایەکە بۆ وەرگرتنی زانیاری و کۆکردنەوەی زانین لەسەر خۆیان و لەسەر ئەوی تر.دواتر مەسەلەکە هەر لە شێوەی بەکاربرندا نییە بەلکو لە بەرهەمهێنانی ئەو زانین و زانیاریانەشە کە نێتۆرك کاری پێدەکا و هەروەها لەو تەکنیکی نیت و زانستە نوێییە کە لە دروستکردنی زانیاریگەریدا بەشداردەبێ. چونکە لە کۆتایدا هەر ئەم لایەنەیە کە لە مەسەلەی دروستکردنی ئابووری و فۆڕمەکانی قوودرەتی نوێ دا زالدەبێ.لەبەرئەوەی ئەوەی کە پێیدەلێن زانیاریگەری لەکۆتایدا ڕێگایێ ترە بۆ دروستکردنی دەسەلاتی ئابووری و پارە بەزووترین و بە ئاسانترین کات.جا ئەوانەی ئەم توانایەیان لەبەردەستدا نییە نەك هەر لە هەژاریێ ڕەها و هەمیشەی دەژین بەلکو لەو جۆرە حالەتانەشدا دەبن کە هەمیشە ببن بە شوێنی لەدایکبوونی ئەو جۆرە پەرچەکرداریانەی کە لەمەوبەر باسمانکرد و کە ئەوانەش دواتر بەزەرەری دانیشتوانی ئەم ولات و ناوچانە دەگەڕێتەوە لە پووختەی ئەوی لەسەرەوە سەبارەت بە پیشەسازی تیرۆریزم و جیهانگیری ئابووری و زانیاری ووتمان دەشتوانین ئەوەش بلێین کە بەرەنگاربوونەوەی ئەو فاکتانەی ژیان و بەهای مرۆڤ تێکدەدەن تازەنین و بگرە هەموو کاتێ گرنگیان هەبووە. بەلام لەبەرئەوەی تێکدانەکان شێوەی تازەیان وەرگرتووە بۆیە بەرەنگاربوونەوەکان دەبێ هەمیشە ڕێگای نوێ بگرنەبەر(6), جا موخابن نە بەرەنگاربوونەوەکانی تیرۆریزم بەسوودی مرۆڤایەتی گەڕاوەتەوە و نەش تازەگەریەکانی جیهانگیری زانیاری و ئابووری توانیوویەتی ئەوە بسەلمێنێ کە دەکارێ ئاڕاستەی گۆڕانکارییەکان ڕووەو و ئەو شوێنانەبەرێ کە کۆتای بە دیاردەی وەك: هەژاری, بێکاری, بێمالی, دیسپۆتیزم, منال فرۆشتن, سۆزانیەتی, تێکدانی سروشت, گالتەکردن بەباوەڕ و ڕەگەزی پەراوێز و کەمدرامەتەکان بهێنێ. هەروەها نە تیرۆریزم توانیوویەتی و نەش نێتۆرکی پارە و زانین ئەوە بسەلمێنێ کە ئەوی ڕوودەدا شەڕی دەسەلات نییە و کۆشش نییە بۆ مانەوەێ هەمیشەی و , ئەمەو هەریەکەش بەشێوەێ ناسنامەی جەمسەرگەریی خۆی دەسەلمێنێ کە بناغە بۆ دوژمنایەتیێ درێژخایەن دادەنێ و دۆڕانیش لەمحالەتەدا هەر ئەو کەسەیە کە پێیدەوترێ مرۆڤ(!). نێتۆرك زانیاری و تیرۆریزمیش فەنەتیزم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکاردەبا. هەروەها ئەم نێتۆرکە پێغەمبەرەکانی نێت و ئەندازیارە لووتبەرزەکانی تەکنیکی نوێ بەکاردەبا بۆ بەدەستهێنانی تازەگەرییەکانی و بەلام پیشەسازی تیرۆریزم و فۆندەمینتالیزم چەند نووقم بوویەکی ناو باوەڕ و پێوەندیدارێ بە فەنەتیکەوە دەکا بە قوربانی تا وێنە لەسەر نەزاکەت و تەهارەتی خۆی دروستکا.بۆیە دەکرێ جەغت لەوەکرێ کە ئەوی لە مانهاتان ڕوویدا دەبێ بە سەرەتایەك بۆ زەرەو و پێکدادان و بەرەنگار بوونەوەی تر , جیاواز لەوەی کە هەردوو جەنگی جیهانی و جەنگی سارد دروستیانکرد.چونکە ئەمە لەنێوان دوو ئەزموون و دەستپێکی جودا ڕوودەدا.یەکێکیان باس لە دیگیتالکردنی سەرزەمینی ئەمرۆمان دەکا و دەخوازێ لەسەر زەوی و لەسەر ئاسمانیش جێگیرمانکا و ئەویتریشیان دەمانگەڕێنێتەوە ناو ژیانێ ڕۆحانی و نزدیکبوونەوە لە جەوهەری نەمان .بۆ ئەوی یەکەم مانەوەمان لە دونیادا و بەردەوامبوونمان لەسەر بەرهەمهێنان

و بەکاربردن ئاماژەیە لەسەر بەهای بوونمان و نیشانەشە لەسەر هەبوونی مرۆیمان و کەچی ئەویتر فەوتان و نەمان لەپێناو باوەڕ و سڕینەوەی گشت بەها نائاسمانیەکان بەگەورەترین دەستکەوت دەزانێ.ئەوی ئەم دوو لایەنەش لەم دوادوایەدا بەیەکیانیکرد بەشێکی ئەو دۆزەخەی لێپێکهات کە لە ولاتانی نێتۆرك بۆ خەلکانی جیهانی عەرەبی-ئیسلامی دامەزرا و بەشەکەی تری ئەو کەلێنە گەورەیە بوو کە کەوتە نێوان دانیشتوانی ولاتانی نێتۆرك و خەلکانی دەرەوەی ئەم ولاتانە و کە بەشێیکیان ئەمڕۆ لە ولاتانی نێتۆرك دەژین تادەگاتە ئەو ترسەی کە بۆ دانیشتوانی ولاتانی نێتۆرك بەهۆی هەڕەشەکانی تیرۆریستەکانەوە دروستبوو کە ئەمەش قینیانی بەرامبەر بە گشت شتێ کە ناوی ئیسلام و عەرەب و ئاینی پێوەبێ زۆرترکرد , هەروەها ئەو بایکۆتانەی بەچەندین شێوازی دیگیتالانەی جیاجیا ولاتانی خاوەن ئابووری تازە دەیخەنە سەر ئەو ناوچە و شوێنانەی کە مۆلگەی تیرۆریزمن یان دالدەیاندەدەن. ئەمانە هەموو پێکەوە نەهامەتی و ڕاڕایەکی نوێ بۆ مرۆڤ دروستدەکەن و ئەو یاریانەی لێپێکدێ کە هەرگیز کۆتای نایێ.ئەمانە یاریهایەکن کە مرۆڤ لەژێرسایەی زانیاریگەری و فەنەتیزم بەیەکتری دەکەن.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

4-Manuel Castells, ’’Framtiden är nu ’’, Ord & Bild, 1999: 3 . ss 64-69.

5-Zygmunt Bauman, Auschwist och det moderna samhället. Över: Gustaf Gimdal och Rickard Gimdal. Daidalos . 1998, ss 21-26.

باومان لێرەدا (لە کتێبی ئۆشوێتز و کۆمەلگەی مۆدێرن) باسێ بە" " کۆمەلناسی لە پاش هۆلۆکۆست" " تایبەت دەکا. لەوێڕا ئەوە نیشان دەدا کە دیاردەی بەکۆمەلکوشتنی جووەکان وایلێکردین باوەڕمان بە زانینی ڕۆژئاوا نەمێنێ.

6–Dagen,–kultursidan,20001801.